www.kurdistannet.org
30-5-2007 22:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

نامەیەک بۆ سەرۆکی حکوومەتی کوردستان... تکایە فریایی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کەون!! ... شەهێن شازاد

پرۆسەی کاری ڕێکخراوەیی پێویستی بە نەفەسی بەرز و پاك و دڵسۆزی و شارەزایی و لێهاتووی هەیە. هەروەها کامڵ بوونی عەقڵ و هزری بەرپرسی یەکەم کۆڵەکەی سەرکەوتنی هەر کارو پیشەیەکە، بە تایبەتی کاری ڕێکخراوەیی قوتابیان و خوێندکاران ولاوان و گەنجان... هتد.
وەك کێژێك ویستوومە ڕۆڵی ئەکتیفانە ببینم لە نێو یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا. هەر چەندە چەند جارێك دایکم و خوشکەکانم ئەوەیان بۆ باس کردووم، کە هەندێك لە بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوانە بە مەبەستی مەرامی بۆ گەنیان، چەند هەوڵێك دەدەن بۆ ئیغراکردنی ئەو کچانەی کە وەك کوڕەکان زۆر بەرائەتەوە کاری ڕێکخراوەیی دەکەن! کەچی مەخابن، لە کاتی تەواو بوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، (ب.ح) سکرتێری قوتابیان زۆر بێشەرمانەو دور لە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی، بانگی من و کچێکی هاوڕێمی کردوو پێی گووتین: دەتانەوێت بتانکەمە مەسئول وەرن هەردووکتان ببنە سکرتێری خۆم و هەرچیتان دەوێت بۆتان جی بە جێی دەکەم!! بەراستی نەمزانی ئەوەندە نا مەسئولە و ڕەوشت نزمە!! یەکسەر پێم گووت: تۆ ڕازیت خوشکەکەت سکرتێری براکەم بێت؟! ئەگەر ڕازیت براکەم لە تۆش قۆزترە! ئەی قوتابیانی سەرە ڕم، بزانن چۆن (ب) و دەستە و دائیرەکانی سوکایەتی نەك هەر بەو کچانە دەکەن کە قوتابین، بەڵکە سوکایەتی بە تەواوی خەباتی قوتابیان دەکەن!! کە لە ژێر سایەی ڕێبازی پارتی و بارزانی نەمر درێژە بە فیداکاری و بەرخودانی خۆیان دەدەن! نازانم تۆ بڵێیت پارتی ئاگاداری هەڵسوکەوتی (ب) و هاوشێوەکانی نەبێت؟! کە ئەوەندەی خەریکی کاری خراپی بەدڕەوشتی و فێڵکردنن لە قوتابیانی ڕەگیزی کچانن! چارەکی ئەو کاری ڕێکخراوەی لە ئەستۆ ناگرن! هەر لە بەر ئەو سوکایەتیەی کە بەرامبەر بە من و هاوڕێکانمان کراوە بڕیارماندا جارێکی تر لە دەرگای هیچ ڕێکخراوەیەك نەدەین!!
نەکا هەموومان بکەنە سکرتێری پیاوە ترسنۆك و هەزیلەکەی قوتابیان ئەویش (ب.ح) کە خۆی پیاوی کاربەدەستێکی گەورەی، ئەنجومەنی وەزیرانە و شەو ڕۆژ ئەو ئەرکانە جی بە جی دەکات کە ئێستا داوا لە ئێمە دەکات!! داوا لە بەڕێز نێچیرەفان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەم فریایی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بکەون تا نە بۆ تە مینبەری فەسادی ئەخلاقی!! چونکە لە بازنەی گەندەڵیە دارایەکانی تێپەڕاندووە!! فریاکەون... فریاکەون. !!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.